# دیپلۆماسی بەشێکە لە شەڕ .!

سەربەخۆ رۆژنامەنووسی . **محەمەدی کەریمی**
Oslo . 30 . 06 . 2006

---




**وێنەیەکی مێژوویی کەم وێنە ، وەک ئاوێنە .**

**باش بڕوانە ئەم وێنەیە ،سەیرێکی قەڵافەکان و تەماشای فیگۆری هەرکامەیان بکەن و نزم و بەرزی دەستەکان بە تاک و بە کۆ و بزە و خەندە و شادی و پێکەنین و لە واقیعدا شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێی گشتی رێکخراوی جیهانی شانگهای لێکدەنەوە......!کاک پەروێز مووشەڕڕەفیش بە زمانی بێ زوبانی خۆی هەر لەم وێنەیەدا هاوار دەکات : جیهان، تەکجەمسەریی نییە و.....!؟**

**بە پێی لێکدانەوەکانی خودی ئەمەریکا و ئەوانیتریش، قارەمانی 20 ساڵی داهاتووی جیهان ئەو کەس و ئەو لایەنەیە کە زیاترین چاڵە نەوتەکانی جیهانی لە ژێر سەیتەرە دابێت. بە پێی ئەو یەکەوتننانەی نیوان چین و ئێران، سین لۆ 40 ساڵی دیکە لە نەوتی ئێرانی ئیسلامی خاتری جەمی جەمە، بەهرەمەندە لە ئایەندە چین لە سەرچین. لە وێنەکیشدا سەرچۆپیگر بە کەنین و بزەی تایبەتی خۆی ناتوانێت حاشا لەو ڕاستییە بکات وبیشارێتەوە کە لە گشتیان شاد و شەنگوڵ و بەششاشترە.**

**بانگهێشتکردنی ئەحمەدینیژادی سەرۆککۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کۆبوونەوی شانگهایی و دانانی مایکرۆڤۆنی ئەم رێکخراوەیە لە بەردەم ناوبراو و دووباتەکردنەوەی کوشتاری جوولەکەکان و**

وەبیرهێنانەوەی داستان و ئەفسانەی هیتلێەری کۆن و نوێ......لەم تریبوونەوە و لە پشت ئەو میکرۆفۆنەوە بۆ لایەکی جیهان سەرسوڕهێنەر و حەپسێنەر بوو .گشت ناوەندە سیاسییەکانی ئەم سەر و ئەو سەری ئەمریکا و ئوروپایە و فەرەنسەی بە تایبەتی حەپساند و گشتیانی هەژاند......ئاخر دنیا هێشتەکەیش چاوڕانی وڵامە مێژووییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە بارەی وزەی ئەتۆمییەوە و لەوەیش گرنگتر ڕێکخراوی بە هێزی شانگهای دژ بە ناتۆ دامـــەزراوە.! ئێران لەو سەنگەرەوە وڵامی گشت جیهانی ئاڵۆزاوی دایەوە.! دیپلۆماسییە و دیپلۆماسی بەشێکە لە شەڕ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بەر لە ئەحمەدینێژاد، سەرۆکوەزیرانی فەڵەستینی حەماس سمایل هاتبەیش لە لایەن سەرانی شانگهاییەوە بانگهێشت کرا، بەرعەکسی هەموو ئابلۆقەیەکی سیاسی و ئابوری جیهانی رۆژئاوا و لە واقیعدا دژ بە گشت موددەعیگەلی سیستەمی نوێی جیهانی و جبەی جیهانی بە ناو دژ بە تیرۆریسم گەیشتە خزمەت سەرانی شانگهای و ......!

لە دوای کارەساتی 11 ی سپتەمبەری 2001ی ئەمریکا، دواین ڕێبەری شورەوی پێشوو میخائیل گورباچۆڤ هاتەوە بەر چرا و بە بەر چاوی جیهانەوە گووتی :
**سیستەمی نوی جیهانی لە گەڵ مەرگی شورەوی لە دایکبوو، بەڵام لە 11 ی سپتەمبەری 2001 دا لۆ هەتاهەتایە لە گۆڕنرا .**

سەرۆکی ئەمەریکا جورج بووشیش لە وڵامی جیهاندا گووتی :
**تیرۆریسم پاشماوەی فاشیسم و تیرۆریستەکانیش مناڵە چەوتەکانی جەنگی ساردن و هەر بۆیە دوکترینی ئێمە هەمان دوکترینی جەنگی سارد و شەڕ لە گەڵ فاشیسمە.**

سەرۆکی کاتی روسییە پوتینش هاتە وڵام وهەر لەو بارەیەوە گووتی :
**تیرۆریسم تاعونێکی کۆمەڵایەتی سیاسیە .تاعونێکی پڕ لە هەڕەشە و مەترسییە.**
(لە ئەفغانستان و لە 1980 بەم لاوە، ئەمریکا و فەرەنسە بە دووقۆڵی و بەو تاعونە لەشکری جیهانی سور واتە شورەوی پێشوویان کوژاندەوە و تواندەوە. ئێستەکە و ئەو تاعون و سەرتانە دەستکردانە بەرەو رووی خۆیان بووتەوە.)

دوا بە دوای ئەو وێنە مێژووییە، ئەمریکا و فەرەنسەیش هەڵبەزینەوە و جم و جووڵی سیاسیان لە خۆ نیشاندا.
فەرەنسە هاتووچوونی موجاهیدگەلی ئازادکرد لە ناو فەرەنسەدا و دوای سێ ساڵ دەست بەسەری و .....مەریەمی ڕەجەوی هاتەوە بەر چرا و لە دیمانەکەیدا لە گەڵ رۆژنامەی تایمزدا گووتی : خەڵکی ئێران بۆمبی ئەتۆمی ناوێت. ئەوسا ئیعدامی سەددام حوسەینیش لە لایەن فەرەنسەوە رەتکرایەوە و.....! ئەوسا هەم ئەمریکا و هەمیش فەرەنسە بە جیا بەڵام دوا بە دوای یەک بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیان کۆ کردەوە لە ژێر ناونیشانی : ئێران بەرەو کوێ دەروات.؟
ئێران بە ناردنی سەعید مورتەزەوی دادستانی شۆڕشی تاران بۆ کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی تازەدامەزراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی لە ژنێڤ، بەرپەرچی ئەو جموجووڵانەی ئەمەریکا و فەرەنسەی دایەوە، گەرچی لە گەڵ شاڵاویی نارەزایەتی ڕۆشنبیران و مافپەروەرانی ئێرانی بەرەوروو

بووەوە، بەڵام نە جیهانی un و نە دامەزراوە نوێیەکەی مافی مرۆڤ جیهانی نوێش هەناسەیەکی ئەوتۆی لێبووەوە. هەربۆیە درۆیە گەر وابزانین دنیا، دنیای کەمییەتە و هەق خاوەنی دەسەڵاتە. جیهان، جیهانی زۆر و بێعارییە، ئەم جیهانە، جیهانی کەیفییەتە نەک کەمییەت.

هەر لەم رۆژانەدا و دوا بە دوای ئەم شڵاقان و شڵەژانانەی جیهانی دیپلۆماسی، میخائیل گورباچۆڤی دوایین رێبەری شورەوی پێشوو، کە دروست لە کاتی خۆیدا دێتەگۆ و سەر لە نوێ دێتە بەرچرا، لە وتوو وێژێکدا لە گەڵ رۆژنامەی بە ناوبانگی تایمزدا، چوارچێوەی قسەکانی سەرۆککۆماری ئێرانی لە مەر دەستێوەردانی زلهێزەکانی لە ناوخۆی وڵاتان، دووپاتە کردەوە و ڕاستەوخۆ، بەرەورووی جیهان بە سەرانی وڵاتانی G 8 ی گــووت : **لە کۆڵ پوتین ببنەوە و نەکەن دەست لە ناوخۆی روسییە وەر بدەن. بە هیچ بیانوویەکیش گوشار مەخەنە سەر روسییە، لە مەر ئەوەی ئاکامی پێچەوانەی بە دوادا دێت......!**

تۆبڵێی سەرانی شانگهای و یارانی کۆن و نوێ سوور و سەوز و قاوەیی، جەنابی گورباچۆڤیش هەر ئەم مەبەستەیان نەبێت و ئا بەمجۆرە و لە ناو بەحری پێکەنیندا، ماڵاویی و بای بایی مێژوویی لە تەک سیستەمی نوێی جیهانیــدا نەکــەن .؟؟

شەڕە و دیپلۆماسی بەشێکە لە شەڕ. هەر بۆیە و پێویستە :

**لە تەک دنیادا چاوەڕوانی ئاڵ و گۆڕی نوێتر بێن و ئامادە.....!**

**ئەم وێنەیە زۆر پەیامی گرنگی لە تەک خۆیا پێـــیە.**

**لەخۆرا نییە کە هەموو جیهانی زانا و تێگەیشتوو، لە ئامادەباشی کامڵدان. چ تیرۆریست بن یان دژە تیرۆر، بە قازانجچییە هەڵپەرستەکانی ناوچەیی و گشت نەوچەکانیشیانەوە.!**

---